گـۆڤـاری زانـکۆی ڕاپـەڕیـن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: 10.26750/gfxkcq04

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 12/04/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 15/07/2025
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/08/2025

# وەرچەرخانی شێوە (فۆڕم) لە پەیکەرەکانی هونەرمەند ساڵح قەرەغوڵیدا (لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییە)

ئازاد کەریم محەمەد[1] - کامەران محمود ئەحمەد[2] - کاروان ڕەشید حەسەن[3]

Karwan.hassan@su.edu.krd Kamaran.muhamed@univsul.edu.iq azad.mohammed@su.edu.krd

[1+3] بەشی شێوەکاری،کۆلێژی هونەرەجوانەکان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2] بەشی پەروەردەی هونەر،کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە بابەتی وەرچەرخانی فۆڕم لە بەرهەمەکانی هونەرمەندی پەیکەرساز ساڵح قەرەغوڵی لەخۆدەگرێت، هەروەها هەوڵدەدا لێکۆڵینەوە لەسەر سێ بەرهەمی هونەرمەند بکات.

بۆ ئەم مەبەستە توێژەران لەژێر ناونیشانی (وەرچەرخانی فۆڕم لە پەیکەرەکانی هونەرمەند ساڵح قەرەغوڵی) لێکۆڵینەوە لەم بابەتە دەکەن، کە خۆی لە چوار بەش دەبینێتەو، بەم شێوەیە: بەشی یەکەم: لە (گرفتی توێژینەوە، گرنگی توێژینەوە، ئامانجی توێژینەوە، سنوری توێژینەوە، هەروەها دیاریکردنی چەمك و زاراوەکان) پێکدێت. بەشی دوەم: تایبەتە بە چێوەی تیۆری توێژینەوەکە، لە دو تەوەر پێکدێت. تەوەری یەکەم: بریتییە لە گرنگی فۆڕم لە بەهای هونەری شێوەکاریدا. تەوەری دوەم: بریتییە لە وەرچەرخانەکانی فۆڕم لە هونەری هاوچەرخدا. بەشی سێیەم: تایبەتە بە جێبەجێکارییەکانی توێژینەوە و شیکردنەوەی چەند نمونەیەك لە بەرهەمەکانی ساڵح قەرەغوڵی، بۆ دیاریکردنی ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە. بەشی چوارەم: بریتییە لە دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە، کە توێژەران پاش شیکردنەوەی نمونەی پەیکەرەکانی ساڵح قەرەغوڵی پێیگەیشتوە، کە دیارترینیان ئەمانەن:

1. لە ئەنجامی سادەکردنەوە و دابڕینی فۆڕمەکان لە شێوە ڕاستەقینەکانیان، کە پەیکەرساز وەرچەرخانی لە بەرهەمەکانیدا بەدیهێناوە، وەك لە نمونە شیکراوەکاندا دیارە.
2. هونەرمەند ساڵح قەرەغوڵی لە وەرگێڕانی بۆ فۆڕمە ئەبستراکتەکان دوپاتی بیرۆکەی مرۆییانە دەکاتەوە، بەهۆی نەهێشتنی بەشێکی لاشە و بڵاوەپێکردن و ئەبستراکتکردنی بەشەکانی تر، وەك لە بەشێکی زۆری کارە هونەرییەکانی بەدیدەکرێت، بەتایبەت ئەو نمونانەی شیکردنەوەیان بۆ کراوە.
3. پەیکەرساز وەرچەرخانی لە ڕێگەی بەکارهێنانی مەتریاڵی جۆراوجۆر لە پێکهاتەی کارە هونەرییەکانی بەدیهێناوە، بۆ خزمەتی بابەت و گوزارشتکردن.

**کلیلە وشە:** شێوە، پەیکەر، کەرەستە، کەرەستەی جۆراوجۆر، وەرچەرخان

# The transformations of form in the sculptures of Saleh Al-Qarghouli It is an Analytical Study

**Azad Karim Mouhamed[1] - Kamaran Mahmod Ahmed[2] - Karwan Rashed Hassan[3]**

[1+3]Department of Plastic Art, College of Fine Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Department of Art Education, College of Primary Education, Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

This research focuses on the subject of form transformations in the works of the sculptor Saleh Al-Qaraghouli. It aims to identify these transformations through a selection of the artist's works. The research, titled *The Transformations of Form in the Sculptures of Saleh Al-Qaraghouli*, is divided into four chapters: Chapter One introduces the research problem, its significance, findings, limitations, and definitions of key terms.Chapter Two presents the theoretical framework, which is divided into two sections: Section One: The concept of form and its role in the visual artistic value. Section Two: Transformations of form in contemporary art. Chapter Three provides a practical application of the research, analyzing a number of selected works by Saleh Al-Qaraghouli to address the research's objectives. Chapter Four concludes with the research findings, based on an analysis of selected works by the sculptor, which are summarized as follows:

1. The sculptor achieves transformation in his work through simplification and detaching forms from their original reality, as seen in the analyzed pieces.
2. Saleh Al-Qaraghouli reinterprets the Sufi concept by translating it into abstract forms, particularly evident in most of his works, especially those analyzed.
3. The sculptor achieves transformations in form by reducing and dispersing sections of the body and abstracting other parts to enhance the subject matter and expression, as demonstrated in the third model

**Keywords:** Form, Sculpture, Material, Various materials, Transformation.

## پێشەکی:

یەکێک لەو تایبەتمەندییە گرنگانەی، کە هونەری هاوچەرخ بە پەیکەرسازییەوە جیادەکاتەوە، جیابونەوەیە لە چوارچێوەی دەقی تەقلیدی لە ڕوی دەربڕین و ناوەڕۆک و فۆرم و کەرەستە. بیرۆکەی گۆڕانکاری لە سەردەمی مۆدێرن و پۆست مۆدێرن تا سەردەمی هونەری هاوچەرخ بەبەردەوامی پەرەیسەند.

ئەم گۆڕانکاریيانە کاریگەرییان لەسەر فۆرم و ماددیەتی هونەر هەبو، کە لە بەرامبەردا کاریگەرییەکی بەردەوامی لەسەر ئیستاتیکای پەیکەرسازی لە سەرانسەری جیهاندا هەبو، بەتایبەتی لە عێراقدا. ئەم گۆڕانکارییە بەهۆی چەند هۆکارێکەوە بوە، لەوانە گۆڕانکاری لە بیرکردنەوە و تێگەیشتن (سوبژێکت و ئۆبژێکت)، پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیا و تایبەتمەندییە پەرەسەندوەکانی هەردو سروشتی مرۆڤ و دەربڕینی هونەری.

**1- ١ کێشەی توێژینەوەکە:** لە عێراق ژمارەیەکی زۆر لە پەیکەرسازەکان خۆیان تەرخانکرد و گوێڕایەڵی ئەم گۆڕانکاریانە بون، کە بەشێوەیەکی گشتی لە فۆڕمی هونەری شێوەکاری ڕویدا بە تایبەتی لە پەریکەسازیدا. بەپێی ئازادی تاکە کەسی لە بیرکردنەوە، گوزارشت، هەوەها شێواز. کە هەریەك لە هونەرمەندان خۆیان لەگەڵ ئەم تەوژمە نوێیەدا گونجاندوە. دیارترینی ئەم پەیکەرسازانەش هونەرمەند "ساڵح قەرەغوڵی"یە، کە توێژینەوەکەمان بریتیە لە: (وەرچەرخانی فۆڕم لە پەیکەرەکانی هونەرمەند ساڵح قەرەغوڵی)، کە توێژەران بەدوای دەستخستنی وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەگەڕێت. کە ئایا وەرچەرخانەکانی فۆڕم چین؟ لە بەرهەمەکانی ئەم هونەرمەندە. توێژەران پێیانوایە ئەم لێکۆڵینەوەیە هەڵگری وەڵامە بۆ پرسیارەکانی تایبەت بە وەرچەخانی فۆڕم.

**1 - 2 گرنگی توێژینەوە:** گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە چەند خاڵێکدا خراوەتەڕو، کە بیرتین لە:

١-٢-١ ئەم توێژینەوەیە یەکەمین توێژینەوەیە، کە لێکۆڵینەوە لە دیاردەی وەرچەرخانی فۆڕم لە بەرهەمە هونەرییەکانی ئەم هونەرمەندەدا دەکات.

١-٢-٢ ئەم توێژینەوەیە باسێکە لەو دیاردە داهێنانە فراوان و بەربڵاوەی وەرچارخانی فۆرم لە پرۆسەی کاری هونەریدا.

١-٢-٣ توێژینەوەکە تیشك دەخاتە سەر سروشتی وەرچەرخانی فۆرم و کەرستە و پێکهاتەی پەیکەرەکانی هونەرمەند.

١-٢-٤ ئەم توێژینەوەیە دەبێتە یەکێك لە سەرچاوەکان دەربارەی کارەکانی هونەرمەندی ناوبراو، کە بۆ لێکۆڵینەوەکانی داهاتو دەکرێت سودی لێوەربگیرێت.

**1 - 3 ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە: دەرخستنی وەرچەرخانی فۆڕم لە پەیکەرەکانی هونەرمەند ساڵح قەرەغوڵی.

**1 - 4 سنوری توێژینەوەکە:**

- سنوری شوێن: عێراق.
- سنوری کات: ساڵی 1968 ـ 1994.
- سنوری بابەت: لێکۆڵینەوە لە وەرچەرخانی فۆڕم و بە دیاریکراوی لە پەیکەرەکانی هونەرمەند ساڵح قەرەغوڵی.

**1 - 5 پێناسەی زارەوەکان:**

لێرەدا چەمکە سەرەکییەکانی وەك (وەرچەرخان، فۆڕم) لە ڕوی زاراوە و زمانەوانی و ڕێکاریەوە پێناسەکراوە.

**- وەرچەرخان لە ڕوی زمانەوانیەوە:**

"واتای گۆڕان لە بابەتێك بۆ بابەتێکی دیکە یان لە دۆخێك بۆ دۆخێکی تر یان لە شتێك بۆ شتێکیتر یان لە کەسێك بۆ کەسێکیتر دەگەیەنێت" (الأنصاري، ١٩٥٦، 763).

**- وەرچەرخان وەک زاراوە:**

زاراوەی "وەرچەرخان" لە وشەی لاتینیی (transition) سەرچاوەی گرتوە، بە واتای "ڕۆیشتن بۆ ئەودیو" یان دۆخێکی تر دێت، ئاماژەیە بۆ پرۆسەی گۆڕان لە حاڵەتێک، بارودۆخێک، یان شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، ئەم چەمکە لە بوارە جیاوازەکاندا بەشێوەیەکی بەرفراوان بەکاردەهێنرێت، لەوانە (زمانەوانی، کۆمەڵناسی، هونەر)، وەرچەرخانەکان دەتوانن وردەوردە یان لەناکاوبن، بەپێی کۆنتێکست. (Harper: 2024)

**- وەرچەرخان لە ڕوی ڕێکارییەوە:**

ئەو وەرچەرخان و گۆڕانانەیە، کە لە شوێنێکی تر یان لە سەرجەمی شوێنە هونەرییەکاندا ڕویدابێت، لە ڕوی (شێواز، تەکنیک، کەرەست)ە و ..هتد، جێبەجێکرابیت.

**- فۆڕم لە ڕوی زمانەوانیەوە:**

لە بواری هونەردا فۆرم ئاماژەیە بۆ پێکهاتە و شـێوە و ڕێکخسـتنی توخمە بینراوەکان، هاوکات بریتییە لە ڕێکخسـتنی (هێڵ، ڕەنگ، پێکهاتە، بۆشـای) لە پێناو دروسـتکردنی واتادا، فۆرم دەتوانێت ئۆبژە بێت و (نوێنەرایەتیی ڕاسـتی) بکات یان سـوبژە بێت و (نوێنەرایەتی دەربڕینی ئەبسـتراکت) بکات، ئەم چەمکە لە ڕوی زمانەوانییەوە وەک زاراوەیەک کاردەکات، کە لایەنە فیزیکی و چەمکیەکانی پێکهاتەی هونەری وەسف دەکات. (Gombrich: 1995).

**- فۆڕم لە ڕوی زاراوەوە:**

زاراوەی "فۆڕم" لە وشـەی لاتینی (forma) سـەرچاوەی گرتوە، کە بە واتای (شـێوە، دەرکەوتن، یان فیگەر) دێت، ئاماژەیە بۆ شـێوە یان پێکهاتەی بینراوی شـتێک و لە بەشـە جیاوازەکاندا بەکاردەهێنرێت، لەوانە (هونەر، فەلسـەفە، زانست)، لە بواری هونەر و فەلسەفەدا زۆرجار فۆرم دژایەتی لەگەڵ ناوەڕۆک یان ماددەدا دەکات. (Harper: 2024)

**- فۆڕم لە ڕوی ڕێکارییەوە:**

بریتییە لە هەر تەنێکی بەرجەسـتە و بینراو لە بەرهەمی هونەریدا، کە دەتوانرێت لە ڕوی فیزیکیەوە دەسـتی لێبدرێت و هەسـتی پێبکرێت، بۆچون و تێگەیشـتن و پێناسـەی فۆرم بەپێی ئەو هزر و فیکرەی کە دەیەوێت قسـە لەسـەر فۆڕم بکات دیاری دەکرێت، بەگشـتی بەپێی سروشـتی هەر (فەلسـەفە، فیکر، قسـەکەر، فەیلەسـوفێك) لەگۆڕاندایە، کە کردویەتی بە بابەتی خۆی.

**١-٢ تەوەری یەکەم: فۆڕم و گرنگی لە بەهای هونەری شێوەکاریدا، هزر و فەلسەفە:**

بەر لە قسەکردن لەسەر فۆڕم و بەهاکانی لە هونەری شێوەکاریدا، توێژەر لەو بڕوایەدایە، کە پێویستە قسە لەسەر ئەوە بکرێت کە "فۆڕم" خۆی چییە؟ سروشـتی (فۆڕم) چییە؟ ڕۆڵی لە هونەردا بەگشـتی چییە؟ چونکە بەشـێکی زۆر لە فەیلەسـوفەکان و تیۆرزانەکان ناکۆکن لەسـەر دەسـتنیشـانکردنی ئەوەی فۆڕم چییە و ڕۆڵی لە هونەری شـێوەکاریدا چییە؟ تەنانەت ناکۆکن لەسەر ناوەڕۆکی خودی فۆڕمیش.

چەمکی (فۆڕم) لە سـەرەتـا و لە کۆتـایـدا پەیوەسـتە بە هزر و سروشـتی بۆچونی فەیلەسـوفەکـان و تیۆرزانە ئیسـتاتیکیەکانەوە، چونکە شـێوە لە ڕوانگەی هزری ئایدیالیەوە تەواو جیاوازە لە هزری ماتریالیسـتی و پراگماتیزم یان وجودیەت، هەمان جیاوازیش هەیە لە مامەڵە لەگەڵ (فۆڕم) لەنێوان ڕێبازە جیاوازەکانی هزری (نوێ و هاوچەرخ) و ڕێبازە جیاوازەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ وەک بونیادگەرایی و دال و مەدولولگەرایی و هەڵوەشاندنەوە و تەفسیرگەرایی.

کەواتە فۆڕم چەمکێـك یـان کۆمەڵێ چەمکی جیـاوازە، کە ئەم توێژینەوەیـە و لقە دیـاریکراوەکـانی لەو جۆرەن، لە توێژینەوەیەکی بچوکدا بواری ئەومان نابێت بەشـێوەیەکی بەرفراوان لەسـەر ئەم بابەتە بدوێین، ناشـتوانین ڕوپۆشی ئەو پانتاییە مەعریفیە لە ڕوی چەندایەتی و چۆنایەتیی بابەتی فۆڕمەوە بکەین.

بەڵام دەتوانین ئاماژە بە گرنگترین ئەو شتانە بکەین، کە لەو بارەوە هەیە، نەك لە پێناسەی فۆڕم، بەڵکو لە بەهای فۆڕم و مەرجەکانی لە پێکهاتەی هونەریدا، بەڵام ئەمە دوای ئەوە دێت، چۆن پێناسـەی فۆڕم دەکەین؟ چونکە هەندێ لە تیۆرزان و فەیلەسـوفەکان فۆڕم بەو جۆرە لێکدەدەنەوە، کە (جۆرج سـانتیانا)ی فەیلەسـوف پێیوایە بریتییە لە "هاوجوتبونی ڕەگەزە پێکهێنەرەکان، کە لە پێکهاتەی خۆیاندا هۆشـمەندی ئەوە لەخۆدەگرن پێکهاتەکان بناسـنەوە و لەم پەیوەندیەشدا تێگەیشتن لە فۆڕم و هەستپێکردن دروست دەبێت". (سانتیانا،٢٠١١، 119)

ئەمەش مانای ئەوەیە فۆرم (ڕوخسار)، لەلای (سانتیانا) بەشێك نییە لە كۆی بەشەكان، بەڵكو خۆی بۆ خۆی كۆی ئەم بەشانەیە و بریتییە لە سەرجەم بەشەكان.

كەچی (ناسان نۆبلەر) لە كتێبی (دیالۆگی ڕوانگە) لەو بڕوایەدایە "فۆرم ڕەگەزێكی سەرەكیی كاری هونەرییە و ڕەگەزەكانیشی بریتین لە (فۆرم، بۆشایی، ساو، ماددە، ڕەنگ، هێڵ)" (ناسان،١٩٨٧، ٩٢).

لەم نێوەندەدا (جیروم) ڕێكخستنی ئاماژە تەعبیریەكان و ڕێكخستنی ڕەگەزە نێوەندگیرییەكان زیاددەكات، ئەمەش بابەتێكی جیاوازە لەوەی كە (سانتیانا و نۆبلەر) لەسەری دواون، ئەو دەچێتە نێو پرۆسەی گوزارشتكردن و توانای گوزارشت لە سیستەمی شێوە و ڕەگەزەكانی.

فەیلەسوفی پراگماتیستی (جۆن دیوی) (وێنە) بەتەنها لەجیاتی (فۆرم) دەخوازێت و دەڵێت "(ڕاستە وێنە و ماددە لە كاری هونەریدا لێكدراون، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە، كە ئەوانە یەك شتن، بەڵكو بەو مانایە دێت، كە وێنە و ماددە وەكو دو شتی جیاواز خۆیان لەنێو كاری هونەریدا پیشان نادەن، كاری هونەری بریتییە لە ماددەیەكی ئاوێتەكراو، بەڵام ئەوكاتە وێنە و ماددە بەجیا خۆدەنوێنن، كاتێ هزر و وردبونەوەی ئەقڵی دێتە پێشەوە، چەشنی ڕەخنە و لێكۆڵینەوە تیۆرییەكان)" (دیوی،١٩٦٣، 192).

لەوەی خرایەڕو، دەتوانین بڵێین بۆچونەكان جیاواز و جۆراوجۆر بون لەنێو ئەو كۆمەڵە فەیلەسوف و تیۆرزانانە لە ڕوانینەكانیاندا بۆ مانای فۆرم.

ئێستاش دوای ئەو خستنەڕوە خێرایە بۆ مانای (فۆرم)، توێژەران دەیانەوێت لەسەر بەهای فۆرم لە هونەری شیوەكاری هاوچەرخدا بدوێن، بەڵام دواتر لەسەر بابەتی وەرچەرخانەكانی فۆرم و دەستنیشانكردنی ئەم وەرچەرخانانە لە هونەری مۆدێرن و پۆست مۆدێرندا لە بەشی دوەمی ئەم چاپتەرە تیۆرییە گفتوگۆی لەسەر دەكرێ.

بەدڵنیایی بەهای ئیستاتیكی یان گوزارشتی فۆرم یان هەر بەهایەكیتر بەپێی پێوەرێكی دیاریكراو دەستنیشان دەكرێت. بەڵام بۆ هەر هزرێك تەنها یەك بەها و پێوەری دیاریكراو نییە، بەڵكو چەندین بەها و پێوەری جیاواز لەكاردایە، تەنانەت لەنێو خاوەنەكانی یەك هزری فەلسەفی دیاریكراودا، ئەمەش لە بۆچونەكانی سێكوچكەی ئاڵتونی گریكی (سوكرات، ئەفلاتون، ئەرستۆ)دا هەستی پێدەكەین، هەروەها لەنێو میتافیزیكە نوێیەكانیش وەک (كانت، هیگل، سانتیانا، كروتشە)و كەسانیتریشدا هەستی پێدەكەین.

بۆ نمونە (ئەفلاتون) فۆرم بەشێوەیەك نازانێت ئەگەر شێوەیەكی ئەندازەیی نەبێت، كە لە (هێڵ، سوچ، بازنە، كەوانەی ئەندازەیی) پێكهاتبێت، لە كاتێكدا (سوكرات) بە فۆرمێكیتر مامەڵە دەكات، ئەو مەرجی سودگەیاندن و سودبەخشینی هەبو بۆ شێوە، (ئەرستۆ)ش لە دوریانی ئەندێشەی (گونجاو بون و ڕێكخستن)دا مامەڵەی لەگەڵ دەكرد، تا فۆرم بگاتە ئاست و بەهایەكی گوزارشتكار و ئیستاتیكی، یان وردتربێتە فۆرمێك، كە هەڵگری جوانی بێت و گوزارشت لە جوانی بكات.

لە دیالۆگی (فیلیبۆسدا) ئەفلاتون لەسەر زاری سوكراتی مامۆستای خۆی دەڵێت "چێژبینین لە جوانی ئەوەیە، كە لە هاڵاوی ئەو ڕەنگانە دێنەدەر، كە ناومان ناون ڕەنگی جوان، هەروەها لە هەمو ئەو شێوانەی پێمان جوانن، هەروەها لە هەمو چێژوەرگرتنەكانی هەستەكانی بۆنكردن و گوێگرتن- چێژوەرگرتنی ڕاستەقینە لە هەمو ئەو شتانە دروست دەبن،

کە لە کاتی نەبونیان نابنە سەرچاوەی ئازار، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەو هاوڕازیبونەی لەو شتانە دێنەکایەوە و دەبنە مایەی هەستکردن بە خۆشییەك، کە پابەند نییە بە ئازار" (خباز، ٢٠١٧، ٩٦).

بۆچونەکانی ئەفلاتون لەسەر هونەر و جوانیناسیدا دەبێ لەسەر ڕێڕەوی گشتی فەلسەفەکەی شیبکرێتەوە، کە "دەیەوێ سروشی (ئیلهامی) دونیایەکی باشتر بدات بە بون، ئەو فەیلەسوفی وەکو لاساییکەرەوەی سوفستائی شرۆڤەکرد، ئەوانەی وتاردەدەن و شاعیران و هونەرمەندان هەموی لاسایی دەکەنەوە، بەڵام ئایا حەقیقەتی لاسایی یان کرداری لێکچواندن لای ئەوان چییە؟ لاساییەك هەیە، کە پشت بە مەعریفە دەبەستێ و هاوەڵە بە ڕاستگۆیی و زیاتر نزیکە لەو گوزارشتە ڕاستگۆیەی پابەندی حەقخوازییە و جوانی بەدیدێنێت، جۆرێکیتر لە لاساییش هەیە، کە بەدەرە لە مەعریفە و ڕاستگۆیی لە کرداری لاساییکردنەوەی حەقیقەتە ئەسڵییەکە، ئەم جۆرە گواستنەوەیەکی میکانیکییە، کە پشتی بە لەخشتەبردن بەستوە و خاڵییە لە حەقخوازی و لێوان لێوە لە نەزانیی و هیچ پەیوەست نییە بە جوانی و چاکەخوازی، ڕەنگە ئەو کەسەی پیادەی ئەم جۆرە دەکات، بتوانێ سەرکەوتوبێت لە کایەی دروستکردن و بەخشینی چێژ، بەڵام ئەمە چێژی جوانییەکی ساویلکانەیە." (حلمي مطر، ١٩٨٤، ٣٩-٤٠)

لێرەدا توێژەران دەتوانن بڵێت ئەفلاتون و هاوەڵەکانی بەڕاشکاوی ئاماژەیان بە پێناسەی فۆڕم نەداوە، بەڵکو ئەفلاتون تەنیا ئاماژەی لەلایەك بە مەرجەکانی سروشتی فۆڕمی باش و جوان داوە، هەروەها لەلایەکیتر ئاماژەی بە مەرجەکانی داوە بۆ فۆڕمێك تا "جوان" بێت و گوزارشت لە پاکێتیی فۆڕمێك بێت، کە لە (هێڵی ڕاست یان سوچ یان بازنە) پێکهاتبێت، نەك بە شوێن لاساییکردنەوە یان گواستنەوەی میکانیکیەوەبن، چونکە ئەم شێوازە لە خستنەڕوی شێوەدا چێژێك بۆ گەمژە و ساویلکەکان دروست دەکات و گوزارشت لە فۆڕمێکی جوان ناکات، کە هەڵگری بەهای ئیستاتیکی بێت.

بەهای فۆڕم لە هونەری هاوچەرخدا لەڕێگەی کاریگەریی بونیدایە، کە مەرج نییە جێبەجێکردنی وردی یان گواستنەوەی کتومتی ڕەگەزەکانی سروشت بێت، هەروەك چۆن (ستۆلیز جیرۆم) لە کتێبی (ڕەخنەی هونەری)دا ئاماژەی پێداوە، چونکە هزر و تێگەیشتن و ڕوانگەی زاتییە (سۆبژێکتیف)ە زێدەڕەوەکان شوێنی مەوزوعیەت (ئۆبژێکتیڤەکان) گرتەوە لە ڕوی هزر و ئەخلاق و هزر و شێوازدا لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا، لەوانەش هونەری شێوەکاری بەتایبەتی لە قۆناغی مۆدێرنەدا، کە لە نیوەی دوەمی سەدەی نۆزدەیەمەوە دەستیپێکرد، کە زاڵبوە بەسەر بەرهەمەکانی ڕۆمانتیکییەتی ئیمرێسیۆنیزم (الانطباعية) و دواتریش کیوبیزم (التكعيبية) و سوریالیزم (السريالية) و دواڕۆژگەرایی (المستقبلية) و ڕێڕەوە هونەرییە تازەکانی وەک گوزارشتگەرایی (التعبيرية ) و ئەبستراکت (التجريدية) و هونەری چەمکگەرایی (فن المفاهيمي) و هونەریی ڤیدیۆ و پەیکەرسازی تیشکیی ئەوانیتر.

کەواتە لە بەرامبەر ئەو هەمو ڕێباز و قوتابخانە تازانە و هاوچەرخە جۆراوجۆر و ڕەنگاوڕەنگەدا، بێگومان هەر جۆرێکیان هەڵوێست و ڕوانگەیەکی دیاریکراوی دەبێت، کە لەوانیتر جیاوازە، لەژێر فشاری فاکتەرەکانی وەکو هزر و وەرچەرخانەکانی و گەشەی تەکنەلۆژی و شۆڕشی زانیاری و کۆمۆنیکەیشنی نوێ لە جیهاندا.

"ڕۆمانتیکیەت بەهای فۆڕمی لەدەستدا و تێکیدا، لەبەر بەرزوەندی ناوەڕۆك و ناواخن و هەست و سۆزی زێدەڕۆ لەلایەن هونەرمەندان و هاوسۆزەکانیان، وەرگێڕان و گەیاندنی ئەم سۆزە جۆشدارەش بەبێ گرنگیدان بەوەی فۆڕم

بەهاكەی چی بەسـەر دێت، ئەمەش لەلایەن بەرهەمە دیواربەندیەكەی (چونی شـۆڕشـگێڕان)ی پەیكەرسـاز (فرانسـوا رود) لەسەر مۆنۆمێنتی سەركەوتن جێبەجێ بو". (العبيدي،٢٠١٤، 87)

بۆ نمونە با سەیری "فۆڕم" لەلای پەیكەرساز (میداردۆ ڕۆسۆ) بكەین، بەتایبەتی بەرهەمە مۆمیەكانی، یان سەیری كارە پێشـوەكانی پەیكەرسـاز (ئۆگەسـت ڕۆدان) و توانا گوزارشـتكاریەكانی فۆڕم بكەین، كە لەوێدا (ڕۆدان) لەجیاتی تەواوی جەسـتەی مرۆڤ تەنها یەك بەشی جەسـتەی دادەنا، یان كاتێك جەسـتەی بە نا تەواوی دروسـتدەكرد، ئەمەش لەپای خزمەتكردنی لایەنی گوزارشتی ناوەڕۆك، كە ئەمە بۆ هونەری هاوچەرخیش درێژدەبێتەوە.

٢-٢ تەوەری دوەم: وەرچەرخانەكانی فۆڕم لە هونەری هاوچەرخدا:

توێژەران لە كۆتایی توێژینەوەی وەرزی یەكەمدا ئاماژەیان بە سەرەتاكانی وەرچەرخانەكانی شێوە لە هونەریی نوێ كرد، بەتایبەتی لای هەردو پەیكەرساز (ڕۆدان و ڕۆسۆ) لە ڕەوەندی ئینتیباعیەتدا.

ئەم شێوەیە ئەركی ئینیباعیەتی پەرەپێدا، وەک "ڕێكخستنی ڕەگەزە نێوەندگیرییە ماددییەكان، كە بەرهەمی هونەری لەخۆیدەگرێ و پەیوەندیكردنیان گونجاوە، چونكە ئەو ڕێگایە نیشاندەدا، كە هەریەكەیان كاریگەری لەسەر ئەویتر دادەنێت" (جیرۆم،١٩٧٤، ٣٤٠).

لێرەدا ڕونە و بەزەقی ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵ و سیما جیاكەرەوەی پەیكەرسازی (ئیمپرێشینزم) دیارە، كە لەنێوان بونیاد و شێوەدا هەیە، چونكە ئیمپرێشینیزمیەت جەخت لە لێكۆڵینەوە لەسەر بونیاد دەكات لە زۆربەی بەرهەمەكانی، كە پەیكەرسازەكان لێكۆڵینەوەیان لەسەر بەركەوتن و دانەوەی ڕۆناكی سەر ڕوی پەیكەرە ئیمپرێشینزمەكان كردوە، چونكە ئیمپرێشینزم گرنگی بە جوڵە و ڕەنگدانەوەی ڕوناكی لەسەر پەیكەر دەدا.

"پەیكەرسازیی نوێ لەسەر ڕوانگەی تازە بنیاتنرا، ڕوانگەیەك لە گوتاری بینین و لێكدانەوە و كاریگەری لەسەر بینەر بۆ فەراهەمكردنی ئامانجە ئیستاتیكیەكان هەبێت، پاش ئەوەی ئەم گوتارە بنیادەكەی بریتیبو لەلایەنی سۆزداری هونەرەمەند و بینەر لە یەك ئاستدا، بە پشتبەستن بەوە، دەتوانین لە هەر ئەزمونێكی ئیستاتیكیدا سێ قۆناغ لە بەرامبەر كاری هونەریدا جیابكەینەوە، كە ئەمانەن:

- دەركپێكردن: تێگەیشتنی دەستبەجێ لە كارە هونەرییەكان.
- كاردانەوەی سیستەمی سۆز لە بەرامبەر فۆڕمێك، شتێك تێیبگات.
- كاردانەوەی ئەقڵی بینەر لە بەرامبەر شتە دەركپێكراوەكان" (رید، ١٩٩٤، ٢٥).

ئەمەش ئەو مانایە دەبەخشێ، كە ڕۆڵی فۆڕم لە هونەردا لە چالاكییەكی هەستیاری پەیگیردا وەرچەرخان بۆ دەركپێكردنی ئەقڵانییە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا وەرچەرخانێكی ڕیشەییە لە ڕۆڵی شێوە و ئەو گۆڕانانەی بەسەریدا هاتون لەگەڵ ئەركی پێرفۆرمەنس و داهێنان لە فۆڕمدا.

فۆڕم لە پەیكەرسازی نوێدا چەند وەرچەرخانێكی گرنگی بنەڕەتی بەدەستهێناوە، بەهۆی كاریگەریی بزوتنەوە هزری و وەرچەرخانەكانی، هەروەك چۆن پێشوتر ئاماژەمان پێدا، بە پشتبەستن بەوەش فۆڕم چەند شێوازێكی تازەی لە هونەری پەیكەرسازیی نوێدا لەخۆگرت، پاش ئەو گۆڕانكارییە ڕێژەییانەی لە هەردو بزوتنەوەی ڕۆمانتیكی و ئینتیباعی ڕویدا، هەروەها پاش ئەو داهێنانە گرنگ و زیندوەی دروستكردنی (كامیرا)، كە توانیی بەشداریێ و ڕۆڵ ببینێ لە بنیادنانی

فۆرمێکی نوێ، کە ڕەنگە لە دور و نزیک لەو ئۆبژێکتە نەچێت، یاخود لە ئۆبژێکتەکە دوردەکەوێتەوە، تا خزمەتی چەمکێك یان هزرێکی دیاریکراو بکات، یان ئامانجێکی دیاریکراو جێبەجێ بکات، هەروەك لەلایەن قوتابخانەی کوبیزم (التعبيرية) کرا، کە لەڕێگەی (بڕین و لکاندن)ەوە وەک تەکنیکێکی نوێ دەستی بۆ بنیاتنانی فۆرمێکی نوێ برد، تا بتوانێ کێبڕکێی ئامێری کامیرا بکات، لەڕێگەی دروستکردنی گۆشەی بینین و دۆکیۆمێنتکردنی چرکەساتی جۆراوجۆر لە گۆشەنیگای جیاوازەوە لە یەك دیمەنی وێناکردنی یەکگرتودا، کە کامیرا لە توانایدا نییە ئەمە بکات، چونکە ڕۆڵی کامیرا سنوردار و بەستراوە بە دۆکیۆمێنتکردنی یەك چرکەساتی دیاریکراوی (کات) تەنیا لە گۆشەیەکی دیاریکراوی (شوێندا).

ئەمەش ئەو شێوازە بو، کە (جۆرج براك) و (بیکاسۆ) لە زۆرێك لە بەرهەمەکانیاندا پیادەیان کرد، کە ئەم شێوازەی (دوری سێیەمی) بەخشییە بەرهەمی کوبیزم لە کارە تازەکانیاندا، ئەمەش لەڕێگەی بەکارهێنانی هەندێ کەرەستەی نوێ لە پاشماوەی پێکهاتەی پیشەسازی یان تەکنەلۆژی، کە ڕێگەی خۆشکرد بۆ دەرکەوتنی ئاسۆی تازە لە فۆڕم و و گۆڕانکارییە بنەڕتییەکانیاندا، تا فۆڕم وایلێهات لە جۆرەکانیتری زۆر دورکەوتەوە.

فۆڕم لە پەیکەرسازی نوێی (ڕۆمانتیکی یا ئیمپرێشینز)م، کە تا ئاستێکی دیاریکراو دەستی گرتبو بە بنیادنانی پەیکەر لەڕێگەی نوێنەرایەتییەك، کە لەلایەن جەستە و سنوری جەستە دەکرێت، کە بێجگە لە ڕادەیەکی دیاریکراو لە کاراکردن و زێدەڕۆیی لە جوڵەی جەستە و پارچەکانی و گوزارشتەکان و بەجێهێشتنی لێکچونەکان هیچیتر نییە، کە بیکاسۆ چەند بەرهەمێکی پەیکەرسازی شێوازی کیوبیزمی (التكعيبية) جێبەجێکرد.

پەیکەرسازیی مۆدێرن لەم ئاستەی وەرچەرخان نەوەستا، پەیکەرسازەکانی مۆدێرنە چەندین یاریکردن و دەستکاریان بەسەر ڕوخساری پەیکەر و جموجۆڵ و سادەکردنی تا ئاستێکی بەرز جێبەجێکرد، هەروەها لە دروستکردنی پەیوەندی نێوان فۆرمی تازە، کە بناغەکەی بریتییە لە پەیوەندی نێوان فۆرمی پەیکەر و دەوروبەری، هەروەها پەنای بۆ دروستکردنی دەلاقە و کەلێنی داهێنانی تازە برد، لە دوایشدا خانمە پەیکەرسازی ئینگلیزیش (باربارا هیبورث) بە دوای ئەم شێوازە کەوت و لە چەندین بەرهەمیدا جێبەجێیکرد.

"دەبینین و تێدەگین چەندین بەرهەمی (مۆر و هیبورث) زیاتر ئەبستراکت (تجريدي) بون و بەتەواوەتی دورکەوتنەوە بو لە ناونیشانێکی دیاریکراو، ماتریال و کەرەستەی تازەیان بەکاردەهێنا، کە بریتی بون لە (تەل، بەرد، ئێسقان) و شتی تر لەپێناو گەڕان بە دوای شێوازی نوێدا، شێوازێك کە بتوانێ هەڵگری ئیستاتیکای نوێ بێت و دوربێت لە دوبارەکردنەوە و نواندنی جەستەیی پەیکەرسازی، لە کاتێکدا (جاکومیتی) جۆرێك لە (هێڵی مەعریفی) یان (ڕوخساری ڕەق) سەپاند بەسەر ڕوخساری کاراکتەرەکانی.

بیکاسۆ لە ساڵی ١٩٣٠ وە چەندین بەرهەمی پەیکەرسازی هەبو، کە لە هەر شتێك دروستی دەکرد کە لەبەردەست بوایە، چەشنی (کیسی کاغەز، قوتو، کاتژمێر، تەل، بەرد، ئێسقان)" (رید، ١٩٩٤، ١٠٤-١٠٥).

لە کاتێکدا بەرەو ڕوی چەندین بەرهەمی پەیکەرسازی مۆدێرن دەبینەوە، کە پەیوەندیان بە پەیکەرسازانی کۆنەوە نییە، وەکو کارەکانی (دەیڤید سمیس) (شلیمان لە باخچەدا)، هەروەها کارەکانی (ئەنتۆنی کارو) و پەیکەرە ئاسۆییەکانی، کە لە ماتریالی کانزایی و ڕەنگی ئاڵا و والای نوێی نێو جیهانی پەیکەرسازیدا پێکهاتبو.

لە دوای پەیکەرسازی مۆدێرنەدا، پەیکەرسازی بە هەیبەت و فۆڕم و کەرەستە و شێوازی تازە لە دۆخی فۆڕم و وێناکردندا گواسترایەوە بۆ پێکهاتە و فۆرمێکی دەوڵەمەندتر، چیتر وەکو پەیکەری جەستە و بەرجەستەی دیاریکراو نەما، بەڵکو وەرچەرخا بۆ سیمای ناجەستەیی، دەشتوانین بڵێین (بێ سیمای نێر و مێی پەیکەر)، یان گشتیتر بێت لە کارەکتەردا، بەهۆی ئەو هەمو گەشە و وەرچەرخانە فراوانانەی هزر و تەکنیك و تەکنەلۆژیا و گەڕانەوەی بێسنوری هونەرمەند بۆ خود (خودگەرایی) بەهۆی کاریگەری ئەم ڕێکار و دیسپلینە تازانە، کە بواری فراوانی بەم فاکتەرە نوێیانەدا، کە بگۆڕێن و ڕچەشکێن بن بۆ ئاسۆی پێکهێنانی پەیکەرسازی دوای مۆدێرنە (پۆست مۆدێرن).

لە بەشێك لەم فۆڕم خستنەوە نوێیەی هونەردا پەیکەرکێش (وزن)ی لەدەستدا و بارستەیەکی وای نەما، کە جێگای باسکردن بێت وەک ئەو پەیکەرانەی لەڕیگەی تیشک و ڕوناکیەوە بەرهەم دەهێنرێن، یان سیمای کارەکتەری لەدەستدا و وەرچەرخانێکی گەورەی لەڕوی فۆڕم و کەرەستە و تەکنیك و پێرفۆرمانس و شیواز و ناوەڕۆك بەسەرهات، کە پەیکەرکار خەمی ئەوەی نەبو بەرهەمە هونەریەکەی کاریگەری درێژخایەنی بۆ داهاتویەکی دور هەبێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە بە شوێن کردەیەکی لەناکاو و بەپەلە و کەنارخراو و تێکهەڵکێشی هزرەکان دەگەڕا، هەروەک چۆن (دوشامب و مبولتە و مانزۆنی) لە هێما ڕوناکییەکانی مەکینە و ئامێرەکانی پیشەسازی جێبەجێیان کرد، چیتر ئەو فۆڕمەی لەبەردەستمانە وەکو فۆڕم گرنگی نەما، بەڵکو ئەو کردەیەی دەیکات گرنگە، ئەو کردە نامۆ و سەرسوڕهێنەر و تازەیەی دەیکات گرنگی هەیە، بە حوکمی شۆڕشی زانیاری و پەیوەندی و تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی ئینتەرنێت و لق و پۆپەکانی، کاریگەری ئەو وەرچەرخانانە بەسەر هونەر لە عێراقدا دەستیپێکرد، بە ڕێگەی جۆراوجۆر پەیکەرسازەکانی عێراق کەوتنە ژێر ئەم کاریگەریە تازانە و پێی ئاشنابون، کە ڕەنگە لە دورترین شوێنەکانی جیهان ڕویدابێت.

### ٣-١ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:

دوابەدوای پشکنین و گەڕان بەنێو بەرهەمە پەیکەرییەکانی هونەرمەند (ساڵح قەرەغوڵی) کە خۆیدەبینێتەوە لە چوارچێوەی توێژینەوەی (وەرچەرخانی شێوە)، توێژەران ڕوبەڕوی گرانی هاتن بۆ دیاریکردنی بەرهەمەکان بەشێوەیەکی ورد لەنێو زیاتر لە دە بەرهەمی پەیکەردا.

### ٣-٢ ئامرازی توێژینەوەکە:

تێبینی و خوێندنەوەی قوڵی بابەتیانە بۆ بەرهەمەکانی هونەرمەند (ساڵح قەرەغوڵی) و ئەو وەرچەرخانەی لە بەرهەمەکانیدا کراون.

### ٣-٣ میتۆدی توێژینەوەکە:

توێژەران میتۆدی (وەسفیی شیکاری)یان وەك میتۆدێك بۆ توێژینەوەکە بەکارهێناوە، لەبەرئەوەی خاوەنی کۆمەڵێ خەسڵەتی وەهایە، کە لەگەڵ سروشتی بابەتی توێژینەوەکە و ئامانجەکانیدا دەگونجێت.

### ٣-٤ نمونەی توێژینەوەکە:

توێژەران سێ نمونەیان لەو نمونانە هەڵبژاردوە، کە وەرچەرخانی شێوەیان تێدا بەدیدەکرێت لەنێو بەرهەمەکانی هونەرمەند (ساڵح قەرەغوڵی)دا.

**شێوەی( ١)**



**ناوی هونەرمەند: ساڵح قەرەغوڵی.**
**ناونیشانی پەیکەر: لە ئیلهامی جەنگەوە.**
**ساڵی بەرهەمهێنانی: ١٩٦٨.**
**کەرستەی بەکارهاتو: کەرەستەی جۆراوجۆر.**
**بەرزی: ٥, ٢م.**

ئەم پەیکەرەی هونەرمەند پێکهاتوە لە پەیکەری مرۆڤێکی وەستاو کە بەشێوەیەکی ئەبستراکت لە کەرەستەی جۆراو جۆر بونیادنراوە، قەرەغولی بەمەبەستی گوزارشتکردن لەو ناوەڕۆکەی کەوا مەبەستی دەربڕینیەتی توانیویەتی بەشێوەیەکی داهێنەرانە، لە ڕێگای کۆکردنەوەی کەرەستەی جیاوز وەرچەرخان ئەنجامبدات و هەوڵی گەیاندنی ئەو پەیام و چیرۆکەبدات کەمەبەستیەتی بیگەیەنێت بە بینەر.

هونەرمەند لە بەرهەمهێنانی ئەم کارەدا پارچەی ئامێرو کانزای تەنکی وەك کەرەستەی سەرەکی بەکارهێناوە، کەرەستەکان ڕەنگە حاڵەتێک بن بۆ ڕەتکردنەوەی پێشکەوتنی پیشەسازی، هونەرمەند وای بۆدەچێت ئامێرەکان هەندێ جار دور لە مەبەستی مرۆڤایەتی بۆ بواری لەناوبردنی جوانترین شت لەم گەردونەدا کە مرۆڤە بەکاربهێنرێن، پێشکەوتنە پیشەسازی و تەکنۆلۆجیەکان گەلێك جار لە لایەن مرۆڤ خۆیەوە دەبێتە هۆکار بۆ لەناوبردنی ڕۆح و ژیانی دەیان کەسی بێتاوان، قەرەغولی لەم پەیکەرەدا زیاتر گرنگی بە لایەنی مرۆیی داوە نەك تەکنیکی، ئەو ویستی خستنە ڕوی کیشەی مرۆڤایەتی هەیە بەدەست پیشکەوتنی ئامێرو کەرەستە وێرنکاریەکان جا لە هەرکوێی ئەم جیهانەبێت، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ناخی قەرەغولیە بەرامبەر بە مرۆڤ و مرۆڤایەتی، ئەم هونەرمەندە هەمان ڕیتم لە کارەکانیتریشیدا بە شێوەیەکی گشتی دەبینرێت.

لە ڕوی فۆرمەوە هونەرمەند وەرچەرخانی ئەنجامداوە بەوەی تەواو شێوەی مرۆڤەکەی ئەبستراکت کردۆتەوە، لەهەمانکاتدا سیمبوڵی قۆچی وەك فۆرمێکی ئەفسانەی تێکهەڵکێشکردوە و فۆڕمێکی ئاوێتەکراوی خستۆتە ڕو.

ناوەڕۆکی کارەکانی ئەم هونەرمەند خۆی لە دەیان چیرۆکی جۆراوجۆر دەبێنێتەوە، قەرەغولی لە هەمو بەرهەمێکدا چیرۆکێکی هەیە، لە پێناو گەیاندن و خستنە ڕوی ئەو چیرۆکان پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی کەرەستەی ئامادەو خستنەوەی فۆڕمی جیاواز و گۆڕینی فۆڕمە ڕاستەقینەکان بۆ فۆرمێك کەوا گوزارشتکردن بێت لە ناوەڕۆکی کردە هونەرییەکە، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە کۆنترۆڵی خۆی بەسەر بینەردا بسەپێنێت، چیرۆکی (ئیلهام وەرگرتن لە شەڕ)، لە ئەنجامی ئەو وێرانکارییە هات کە گوندی (ئوم ئەلبەقار) لە میسردا توشی بو لە کاتی دەستدرێژی سێ قۆڵی بۆ سەر میسر، لە ئەنجامدانی ئەم بەرهەمەدا ئەو ڕوداوە ئیلهام بەخش بو بۆ هونەرمەند.

هونەرمەند هەوڵیداوە لەم پەیکەرەدا گوزارشت لە بێ ئومێدی و داروخاوی مرۆڤی هاوچەرخ بکا، بەتایبەت وەك ئەوەی دەبینین هیچ هارمۆنیەك و گونجانێك لە ڕوی ئەم مرۆڤە بەدیناکرێت، ماوەتەوە بڵێین کە هونەرمەند لەم پەیکەرەدا گوزارشتی تێدا کردوە تا ئەو ئاستەی گۆڕانکاری تەواو لە پشتگوێخستن و دورکەوتنەوە لە دەموچاوی مرۆڤی ئاسایی

دەبینرێت، ئەمەش بۆ ئەوەیە بەتەواوی ئاماژەكان بخاتە خزمەتی ئەو بیرۆكەیەی دەیەوێت لەڕێگەی ئەو گۆڕانكاریانەی لە شێوەدا بە ئەنجامی گەیاندوە گوزاشتی لێبكات.

لەم كردە هونەریەدا ئەوەی جێگەی سەرنجە فۆڕمە ئەبستراكتەكەو سیمبوڵی قۆچە، قۆچ كە ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ شارستانیەتی كۆنی میزۆپۆتامیا لە دارشتنێكی سەركەوتوانەدا داهێنانی تێدا كراوە، ئەمەش دەرخەری توانا و كارامەیی هونەرمەند لە بواری پەیكەرسازیدا دەخاتەڕو.

**شێوەی( ٢)**



**ناوی هونەرمەند: ساڵح قەرەغولی.**
**ناونیشانی پەیكەر: مرۆڤ و چادر.**
**ساڵی بەرهەمهێنانی: ١٩٧٩.**
**كەرستەی بەكارهاتو: كەرەستەی جۆراوجۆر.**
**بەرزی: ٥, ٢م.**

پەیكەری مرۆڤ و چادر پێكهاتوە لە كۆمەڵێك كوتلە كە بەشێوەیەكی هارمۆنی تێكهەڵكیش كراون، وەك دەبینرێت كارە هونەریەكە بریتییە لە سێ فیگەری مرۆڤ و چادرێك لەگەڵ كۆمەڵێك بۆری و قامیش، فۆڕمی مرۆڤەكان وەرچەرخانی تەواوی تێدا ئەنجام دراوە، تا ئاستی نەمان و دوركەوتنەوە لە فۆڕمی ڕاستەقینە، لە جێبەجێكردنی ئەم كردە هونەرییەدا هونەرمەند فۆڕمەكانی لە شێوە ئەندازەییەكان نزیككردوەتەوە، وەک دەبینرێت هونەرمەند لەم كردە هونەریەیدا شێوازی كوبیزمی لە كارەكەدا بەرجەستە كردبێت.

ئەم كارەی هونەرمەند بەهۆی شێوازی بیناكردنەكەیەوە جیاواز دەردەكەوێت لە كارەكانی پێشوی، بە پلەی یەكەم پشتی بە ڕێكخستنی كەرەستەی خاو بە كەمترین چارەسەركردن بەستوە، لەكاتێكدا هەمەجۆریی ستایلی خۆی لە بەكارهێنانی كەرەستەدا پاراستوە، هونەرمەند بۆری كانزایی و تۆڕێكی وایەری ئاسنی و قامیش و بەنی موی بزنی بەكارهێناوە.

قەرەغولی لە ئەنجامدانی كردە هونەرییەكە زیاتر گرنگی بە ڕوی پێشەوەی كارەكە داوە وەك ئەوەی بەرهەمە هونەرییەكە بەرهەمێكی هەڵتۆقیوبێت نەك سێ ڕەهەندی، ئەم جۆرە كاركردنەش لە بەشێكی زۆری كارەكانیدا بەدیدەكرێت، وەك ستایلێكی كاركردن لە كردە هونەرییەكانیدا ڕەنگی داوەتەوە.

لەڕێگەی بەكارهێنانی كەرەستە سادە و ناوخۆییەكانەوە هونەرمەند سیحری ماناو گرنگییە كەڵەكەبوەكانی میرات و سادەیی مرۆڤی نێو چادرەكان و ژینگەكەیان نیشاندەدات ئەوەش مانای وایە كارەكە جگە لە نیشاندنی خۆشەویستی مرۆڤ و دەوروبەرەكەی هیچیتر نیە، داهێنانەكانی قەرەغولی تەنیا لە بەكارهێنانی كەرەستە و تەكنیكە ناباوەكانی ناو پەیكەرسازی عێراقیدا نییە، بەڵكو لە پێگەی چەمكی ناوازەی بەرهەمەكانیدایە.

ڕێبازەکەی لە وێناکردنی نەریتیی هونەری پابەندی سیاسی یان شۆڕشگێڕانە دوردەکەوێتەوە، بەڵکو هونەرمەند ناسنامەیەکی هونەری جیاوازی نیشاندا، ناسنامەیەک تەنیا مرۆیی بێت و لە خزمەتی مرۆڤایەتیدابێت و هونەرەکەی خزمەت بە پیاهەڵدانی سیاسەتمەداران و ئایدیالیستەکان نەکات.

## شێوەی(٣)



**ناوی هونەرمەند: ساڵح قەرەغولی.**
**ناونیشانی پەیکەر: سێ کچ.**
**ساڵی بەرهەمهێنانی: 1981.**
**کەرستەی بەکارهاتو: کەرەستەی جۆراوجۆر.**
**بەرزی: ٢م.**

لەم پەیکەرەدا هونەرمەند سەری سێ کچی لە فۆڕمی جەستەی مرۆڤێکدا نمایشکردوە، وەك ئەوەی لەشی هەرسێ کچەکە لە نێو عەبایەکدا شاردرابێتنەوە، کارەکە لەسەر بنکەیەکی ئاسنی بینا کراوە، پەیکەرەکە لە بۆری و بەنی موی بزن دروستکراوە، بەرهەمەکە بەشێوەیەکی سادە لە ڕوی فۆڕم و کەرەستەوە بەرهەم هاتوە لەگەڵ ئەوەدا، هونەرمەند بە باشی ئاگاداری پرۆسەی پێکهێنانە و گرنگی تەواوی داوە بە ڕێژ و پێوانە و گەورەیی قەبارەی کارەکە.

هونەرمەند قەرەغولی وەرچەرخانێکی ڕیشەیی کردوە لە بابەتی شێوەدا، ڕەنگە شێوە لای ئەو وەڵامێك بێ بۆ وردبونەوەو ڕوانینە مرۆییەکەی کە لە بەرهەمەکانیتریش گرنگی پێداوە، لێرەدا شێوە ئەبستراکت کراوە بۆ ئەوپەڕی سنوری داماڵین و هەمو شتە زیادەکانی وەلانراوە، تەنها سەری سێ کچەکە نەبێت وەك ئاماژەیەك بۆ ڕوانین، چاوەکانیان بە شێوەی بازنەیی کراونەتەوە و هێمای کرانەوەی چاوەکانیش دەرخەری ترس ودڵەڕاوکێیە، ئەم جۆرە لە دروستکردنی چاو دەگەڕێتەوە بۆ پەیکەرەکانی شارستانیەتی نێوان دو ڕوبار.

قەرەغولی بەشێوەیەکی ئەکادیمیانە و لێهاتوییەوە وەرچەرخان لە فۆڕمی کارەهونەرییەکانیدا ئەنجامدەدات بۆ مەبەستی خستنە ڕو و نمایشکردنی ئەو پەیامە مرۆیانەی کەوا مەبەستی گەیاندنی هەیە بە بینەران.

### ٤-١ ئەنجام:

دوابەدوای بەجێگەیاندنی پرۆسەی شیکردنەوە لەلایەن توێژەران بۆ هەر سێ نمونەی هەڵبژێردراو و نمونە پاڵپشتیکراوەکان، گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

٤-١-١ لە ئەنجامی هەڵسەنگادنی کارە هونەریەکانی (ساڵح قەرەغوڵی)، سادەکردنەوە و دابڕینی شێوەکانە لە شێوە ڕاستەقینەکان و ئەبستراکتکردنی بەشەکانیتر لەپێناو خزمەتکردن بە بابەت و گوزارشتکردن، کە ئەمەش وایکردوە پەیکەرساز وەرچەرخان لە بەرهەمەکانیدا بەدی بهێنت، وەك لە هەرسێ نمونە شیکراوەکاندا بە ڕونی دیارە.

٤-١-٢ ساڵح قەرەغولی بیرۆکەی مرۆیانە دوپات دەکاتەوە لە وەرگێڕانی بۆ شێوە ئەبستراکتەکان، وەك لە بەشێکی زۆری بەرهەمەکاندا بەدی دەکرێت، بەتایبەت ئەو نمونانەی شیکردنەوەیان بۆکراوە.

٤-١-٣ هونەرمەندی پەیکەرساز توانیویەتی گواستنەوەیەکی جۆری لە بزوتنەوەی پەیکەرسازیی عیراقدا بەدی بهێنیت، لەڕێگەی ئەو وەرچەرخانانەی لە شێوەکاندا هێناونیەتە دی.

٤-١-٤ وەرچەرخانەکانی شێوە لە پەیکەرەکانی (ساڵح قەرەغولی) تایبەتمەندی بە پەیکەرەکانی دەدەن، وەك ناسنامەیەك بۆی، لە ئاستی شێوە و گوزارشتکردن و جێبەجێکردندا، لە ڕێگەی ئەو کەرستە تایبەتیانەی خودی پەیکەرساز خۆی.

٤-١-٥ هونەرمەند کەرەستەی جۆراوجۆری لە کارەکانیدا بەکارهێناوە، ئەمەش وایکردوە ئەم بەرهەمانەی لە کارەکانی پێشوتری جیاوازتربن.

٤-١-٦ هەمەجۆریی کەرەستەکان لە کارەکانیدا بوەتە هۆکار بۆ هەمەجۆریی پێکهاتەکانیش.

٤-١-٧ سەرباری ئەوەی پەیکەرەهان سێ ڕەهەندین بەڵام زیاتر گرنگیی بە دیوی پێشەوەی بەرهەمە پەیکەریەکانی داوە.

٤-١-٨ بەرهەمەکانی زیاتر لە دۆخێکی ئارامدان، دور لە جوڵەی دینامیمی و ڕیتمی سۆزداری.

٤-١-٩ پشتی بە قەبارەی گەورە بەستوە، بەهۆی مەیلی بەهێزی بەرامبەریان، زیاتر لە بەرهەمە هونەرییە بچوکەکان.

٤-١-١٠ ڕەنگی تۆخ بەسەر زۆربەی بەرهەمەکانیدا زاڵە.

٤-١-١١ شێوازی ئەبستراکتی دەربڕینخوازی لە کارە پەیکەریەکانیدا بەکارهێناوە.

٤-١-١٢ ئاوێتە بونێکی هارمۆنی لە سادەیی فۆرم و ئاڵۆزیی تەکنیک لە کارە پەیکەریەکانیدا بەرجەستە بوە.

٤-١-١٣ هونەرمەند میتۆدێکی بنیادنانی گرتەبەر، کە هیچ هونەرمەندێکی دیکەی عێراق پێش ئەوکاری لەسەر نەکردبو.

٤-١-١٤ هەرچەندە بەرهەمەکانی بەشێوەی پەیکەری سێ ڕەهەندی دروستکراون، بەڵام هەندێکیان دەتوانن وەك پەیکەری ڕیلیف یان هەڵتۆقیو خۆیان نمایش دەکەن.

٤-١-١٥ شێوازێکی نوێی بیناسازی لە پەیکەری عێراقیدا بەکارهێناوە، هەروەها کارەکانی بە ڕەنگی ڕەش نەخشاندوە.

## سەرچاوەکان


أبن منظور، جمال الدين محمد بن مكرم الانصاري(١٩٥٦)، لسان العرب، دار لسان العرب، بيروت، ج3.

افلاطون، الجمهورية، ترجمة: حنا خباز بيروت، دار التراث.

جيروم، ستولينتز(١٩٧٤)، النقد الفني، ترجمة، فؤاد زكريا، مطبعة جامعة عين شمس.

ديوي، جون(١٩٦٣)، الفن خبرة، ترجمة، زكريا ابراهيم، م، زكي نجيب محمود، دار النهضة العربية، القاهرة.

ريد، هربرت(١٩٨٩)، مائة عام من النحت الحديث، مقالة في أفاق عربية، العدد 2.

ريد، هربرت(١٩٩٤)، النحت الحديث، ترجمة، فخرى خليل، دار الفارس.

سانتيانا، جورج(٢٠٠١)، الاحساس بالجمال، ترجمة، محمد مصطفى بدوي، م: زكي نجيب محمود، مكتبة الانجلو المصرية.

العبيدي، جبار محمود(٢٠١٤)، القيمة و المعيار الجمالي في التشكيل المعاصر،دار ضيفاف للطباعة و النشر.

مطر، أميرة حلمي(١٩٨٤) فلسفة الجمال، القاهرة، ط2.

نوبلر، ناثان (١٩٨٧) حوار الرؤية، ترجمة، فخري خليل، م، جبرا ابراهيم جبرا، دار المأمون، بغداد.

يوسف، اخياط، (١٩٥٥)، قاموس المحيط، بيروت، دار لسان العرب.

Gombrich, E. H. (1995) The Story of Art. 16th edition. London: Phaidon Press.

Harper, D. (2024) *Online etymology dictionary*. Available at: https://www.etymonline.com (Accessed: 19 February 2025).

Harper, D. (2024) *Online etymology dictionary*. Available at: https://www.etymonline.com (Accessed: 19 February 2025).